ئەوەی بڵێت: (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ، وَلَهُ الْحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ)^ دە جار، وەکو ئەوەیە وایە چوار نەفسی ڕزگار کردبێت لە نەوەکانی ئیسماعیل

لە ئەبی ئەیوبەوە کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەوەی بڵێت: (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ، وَلَهُ الْحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ)^ دە جار، وەکو ئەوەیە وایە چوار نەفسی ڕزگار کردبێت لە نەوەکانی ئیسماعیل». (واتە: هیچ کەسێک شایستەی پەرستن نییە بە هەق وڕاستی جگە لە اللە، وهیچ شەریک وهاوبەشێکی نییە، وهەموو شتێک مولْکی ئەوە، وهەموو سوپاسێک هەر بۆ ئەوە، وئەو لە سەر هەموو کارێک تواناداره).

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوە دەکات کە «ئەوەی بڵێت: (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ، وَلَهُ الْحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ)». ماناکەی: هیچ پەرستراوێک شایستەی پەرستن نییە بە هەق وڕاستی جگە لە اللە، وهیچ شەریک وهاوبەشێکی نییە، وهەموو شتێک بەتایبەت وتەواو مولْکی ئەوە، وتەنها ئەو شایستەی ستایش و وەسفکردنە لەگەڵ خۆشەویستی و بەمەزندانان، وئەو لە سەر هەموو کارێک تواناداره. ئەوەی ئەم زیکرە دە جار بڵێت لەڕۆژێکدا؛ ئەوا پاداشتی وەکو پاداشتی ئەو کەسە وایە کە دە کۆیلە ئازاد دەکات لەنەوەکانی ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیم -علیهما الصلاة والسلام-، و بەتایبەت باسی نەوەکانی ئیسماعیلی کرد -علیه السلام- چونکە ڕێزدارترینن.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5517